# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: من وقیامەت وەکو ئەم دووانە نێردراوین، وئاماژەی بۆ هەردوو پەنجەکەی کرد

له سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«من وقیامەت وەکو ئەم دووانە نێردراوین»، وئاماژەی بۆ هەردوو پەنجەکەی کرد.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵدەدات سەبارەت بە نزیکبوونەوەی ڕوودانی قیامەت، پێغەمبەرایەتی ئەو -صلى الله عليه وسلم- وڕۆژی قیامەت نزیکیان وەکو نزیکی نێوان دوو پەنجەیە وئاماژە بۆ دوو پەنجەی کرد، لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە: بریتین لە پەنجەی ناوەڕاست ویەنجی شایەتمان. ئەم دوو پەنجە بە بەراورد لەگەڵ پەنجەکانی تر نزیکترن لە یەک وهەریەکیان لە دوای ئەوی تر دێت، وتەنها جیاوازیەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە، جیاوازی نێوان ئەم دوو پەنجەیە هێندەی نینۆکێک یان نیو نینۆکە، ولە زمانی کوردیدا پەنجە دووەم کە کورتترە لەوەی ناوەڕاست پێی دەووترێت پەنجەی شایەتمان چونکە کەسێک ئەگەر شایەتمان بدات (واتا بڵێت: أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمد رسول الله) ئەم پەنجەیە بەرز دەکاتەوە وهەروەها لە کاتی تەحیاتدا بەرزی دەکاتەوە، ولە زمانی عەرەبیدا بەم پەنجەیە دەووترێت -السبابة- چونکە ئەگەر کەسێک هەڕەشە یان جوێن بە کەسێکی تر بدات ئەم پەنجەیە بەرز دەکاتەوە، وپێشی دەووترێت: -السَّباحة- چونکە مرۆڤ کاتێک ئاماژە بکات بۆ مەزنی خودا بەرزی دەکاتەوە وئاماژە بۆ ئاسمان دەکات، ومانای گشتی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە کۆتایی هاتنی دونیا نزیکە ودوور نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11215

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee